**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە ( ٢٢ ) ساڵی ٢٠٠٨**

**بڕیاری ژمارە ( ٣ )ی ساڵی ٢٠٠٨**

بە پێی بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە خولی دووەمی دانیشتنی ژمارە (٢) لە ١٥ /٢٠٠٨/٩ بریارماندا بە دەرکردنی:

## بڕیاری ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٨

یەکەم: ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ ڕۆژی کیمیابارانی هەڵەبجەیە لەلایەن ڕژێمی دیکتاتۆری لە ناو چوو.
دووەم: ڕۆژی کۆچی دوایی شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە، ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦و دواترە، هەریەك بەپێی بەڵگەنامەی کۆچی دوایی، نەك لە ١٩٨٨/٣/١٣ هەروەك ڕژێمی لە ناوچوو هەوڵی داوە بیچەسپێنێت.
سێیەم: حوکمەکانی ئەم بڕیارە لەسەر هەموو مامەڵەکانی پێش بەرکاربوونی ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکرێت.
چوارەم: دەبێ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.
پێنجەم: کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێت کە ناکۆك بێت لەگەڵ ئەم بڕیارە.
شەشەم:ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عێراق**

ئەم بڕیارە لە٣ی ڕەزبەری ٢٧٠٨ی کوردی بەرامبەر٢٥ی ڕەمەزانی ١٤٢٩ی کۆچی و بەرامبەر ٢٥ی ئەیلولی ٢٠٠٨ی زاینی لە هەولێر دەرچووە .

## هۆیە پێویستكارەكان

سەبارەت بە ڕووداني هەندێ كێشەی یـــاســـــایی لـە كــــاتی پیادە كـــردنی یـــاســـــاكە و سـەبارەت بەوەی كە ڕژێمی لە ناوچوو ڕۆژی ٣/١٣ ی داناوە بە ڕۆژی كۆچی دوایی قوربانیانی كیمیابارانی هەڵەبجە بـە پێچەوانەی ڕاستی ڕووداوەكەوە بۆ شێواندنی مێژوو و چاوپۆشین لـەو تاوانـەی كـە لەلایەنییـەوە ئەنجامـدراوە و بۆ ڕاستكردنەوەی ئەو زانیارییانەی كە لەلایەن هاووڵاتیانـەوە لـە بـارەی مێـژووی ڕاسـتەقینەی ئـەو تاوانـەی ئەنجامدراوە ئەم بڕیارە دەرچوینرا.